لاپەڕەیەکی نوێ لە سوید... سوپای سوریا دەست بە کشانەوە دەکات لە شارەکە

سەرچاوەیەك لەوەزارەتی بەرگری سوریا رایگەیاند، دوای بڕاوەپێکردنی هێزە ئەمنییەکان لە سوەیدا، ئەمشەو سوپای سوریا دەستی بە کشانەوە کرد.

بەوتەی سەرچاوەیەك لەوەزارەتی بەرگری سوریا، سوپا دەستیکردوە بە کشانەوە لە پارێزگای سوەیدا، بەڵام بڕدومانی ئیسرائیل ئێپەراسیۆنەکە دوادەخات.

تەلەفزیۆنی دەوڵەتی سوریا پشتڕاستیکردەوە، ڕێککەوتنێکی نزیك لە نێوان ئیسرائیل و سوریا هەیە بە کۆتاییهێنان بەو دۆخە ئاڵۆزە لەژێر سەرپەرشتی ئەمریکادا.

ئاماژەی بەوەشکرد، سوریا پێشوازی لە هەوڵەکانی واشنتن و وڵاتانی عەرەبی دەکات بە چارەسەرکردنی قەیرانی ئێستا بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

پێشتریش ئەمە چوارشەممە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە حکومەتی سوریا کرد هێزەکانی لە پارێزگار سوەیدا بکشێنتەوە بۆئەوەی ڕێگە بدات بە کەمکردنەوەی پەرەسەندنەکان.